

# ویژدانی دادپەروەری دادپەروەری کۆمەڵایەتییە

دادپەروەری کۆمەڵایەتی وشەیەکی بەرین و پڕمانایە و لێکدانەوەی جیاوازی بـــۆ دەکرێت. زۆر کەس و لایەن، بە جۆرێك باس لــە عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکــەن، بەڵام ئایا لە کوردســـتان دیموکراتیەت و دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی، وەك کاڵایەکی ئامادەکراو ســـەیر دەکرێت کە لە رۆژئـــاواوە هاوردە کرابێت، یان تاقیکراوەیەکی جیهانی و ســـەلمێنراوەو بووەتە بەشێك لە شارستانییەت و پێویستە کوردیش لە وڵاتی خۆیـــدا وەك کەلتووری پێشـــکەوتنی مرۆڤایەتی بایەخی پێبدات؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



پەرلەمانتار نەدا مێرگەسووری:

**بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی دنیادا دادپەروەرییەکی ١٠٠٪ هەبێت، بەڵام جێبەجێکردنی زۆر ئاستەم نییە و تەنیا رۆشنبیری و خواستی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو چەمکە گرینگە و یاساسەروەری پێویستە بۆ ئەوەی بەپێی یاسا پراکتیکی بکرێت**

زانا تۆفیق بەگ:

**دادپەروەری کۆمەڵایەتی بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، چونکە پەیوەندییەکی قووڵی بە هەموو کایەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و تاکی کۆمەڵگە پابەندە بە دروستبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی کە هەموو خەڵکی سڤیل لە سەروەت و سامانی نیشتمان سوودمەند دەکات**

بەهار رەفیق فەتحوڵڵا:

**کاتێک دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەبێتە چەترێک بۆ هەموو تاکی کۆمەڵگە، پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی حوکمڕانیش بەهێزتر دەبێت و پشکی گەورەی ئەو ئەرکەش بەر دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێت**

دادپەروەری کۆمەڵایەتی یەکێك لە دەلالەتە گرینکەکانی چەمکی دادپەروەرییە بەو مانایە کە سەرچاوەکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا بەپێی یاسا و بە یەکسانی و بە بێ جیاکاری رەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی بە سەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا دابەش بکرێت و هەموو دەرفەتێکی یەکسان بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە بڕەخسێندرێت. ئەو چەمکە لە فەلسەفەی سیاسیدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، بۆ یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) بۆ یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو بەکارهاتووە، دواتر بووەتە بنەمای تیۆری مۆدێڕنی تاکگەرایی و تەنانەت دادی چاکسازی و دادی دابەشکاری لێك جیا دەکاتەوە، هەروەها (جان راڵز) هەوڵیدا، بێ ئەوەی لەسەر خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە سازش بکات، تیۆری تاکگەرایی بە سەر سوودگەراییدا زاڵ بکات، هەروەها (رابێرت نازیك) زۆر سەرسەختانەتر لە جان راڵز، پێداگری لەسەر تاکگەرایی دەکات، بەڵام (فرێدریش هایك) دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە «سەراب» دەشوبهێنێت و رایوایە لە بەرامبەر روانگەی خەوشداری بازاڕدا مانای خۆی لە دەست دەدات. هایك زیاتر لە سوودگەرایی پشتیوانی دەکات.

**پێویستە دادپەروەری کۆمەڵایەتی**
**لەسەر بنەمای بەهاووڵاتی بوون بێت**

پەرلەمانتار نەدا مێرگەسووری هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لەبواری یاسا و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: «پێویستە دادپەوەری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەهاووڵاتی بوون بێت، ئەو دادپەروەرییەش کە ئێمە لە ئەورووپا دەیبینین، لە سەر ئەساسی هاووڵاتی بوون و ئینتیمایانە بۆ دەوڵەت. ئەوان لە رووی تێگەیشتن لەم چەمکەوە، زۆر لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپێشترن».

ئەو پەرلەمانتارە رایوایە «کاتێك جڤاك بە یەك چاو سەیر بکرێت و جیاوازییە چینایەتییەکان کاڵ بکرێنەوە و هەموو تاکێکی کۆمەڵگە لە هەموو لایەنێکەوە بە دادپەروەرانە سوودمەند بکرێت، ئەوکات دادپەروەری کۆمەڵایەتی گەشەدەکات و بەشی هەرە زۆری کێشەکان چارەسەر دەبێت.» گوتیشی: «چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا کارێکی ئاسان نییە و ماوەیەکی زۆری دەوێت، بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی دنیادا دادپەروەرییەکی ١٠٠٪ جێبەجێ بکرێت، بەڵام جێبەجێکردنیشی زۆر ئاستەم نییە و تەنیا رۆشنبیری و خواستی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو چەمکە گرینگە و یاساسەروەری پێویستە بۆ ئەوەی بەپێی یاسا پراکتیکی بکرێت و لە تەواوی کایەکانی ژیان جێگیر بێت».

زانا تۆفیق بەگ، وەك چالاکی مەدەنی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دادپەروەری کۆمەڵایەتی بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، چونکە پەیوەندییەکی قووڵی بە هەموو کایەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و تاکی کۆمەڵگە پابەندە بە دروستبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی کە هەموو خەڵکی سڤیل لە سەروەت و سامانی نیشتمان سوودمەند دەکات و ئەوەش دروستکردنی زەمینەیەکی گونجاوە کە تاك لە سایەی یەکسانی کۆمەڵایەتی هەست بە بوونی خۆی و کەرامەتی پارێزراوی بکات. بۆیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر یەکسانی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت، ئەوا ئایندەی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەوێتە ژێر پرسیارێکی مەترسیدار، کە لە دەرئەنجامدا پرۆسەی ئەفراندن و پێشکەوتن فەنا دەکات».

زانا وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا بە نموونە دەهێنێتەوە و باسی ئەوە دەکات کە ئەوان جگە لە چاکسازی سیاسی، دەستیان کرد بە چاکسازی کۆمەڵایەتی، چونکە بەبێ چاکسازی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە نێو کۆمەڵگە، ئەستەمە چاکسازی سیاسی بەرهەمی هەبێت. گوتیشی: «خەڵکی ئەورووپی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەییان زۆر بەرزە و هۆکارەکەشی هەوڵدانەکانی خۆیان و سەرکردایەتی سیاسییانە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بۆیە من بڕوام وایە لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر نایەکسانی و نادادپەروەری و جیاکاری ببێتە ماکێك بۆ هەر تاکێك، ئەوا سۆز و خوشەویستی بۆ وڵاتەکەشی کاڵ دەبێتەوە و تەنانەت نەوەی نوێ هیچ رێزێکی بۆ رابردووی خۆی و وڵاتەکەی نامێنیت و ئەوکات بەرگری لە نیشتمان دەبیتە کاڵایەکی هەرزان لە نێو کۆمەڵگەدا». سەبارت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانیش گوتی: «بەداخەوە تا ئێستا لە کوردستاندا پرۆسەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەك وجوودی نییە، بەڵکۆ بۆتە کێشەیەك کە رەنگە نەوە دوای نەوەی بەدەستیەوە بناڵێنن، بایەخنەدان بەو پرۆسەیە بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ستراکچەرەوە هەڵتەکاندەوە، ئێمە ئەو سەرمایە گەورەیەی کورد لە دوای رزگاربوونی لە دەستی داگیرکاری بەعس و دامەزرانی دەسەڵاتی سیاسیی خۆماڵی دەستی کەوت، تێیدا یەکسانی کۆمەڵایەتیمان پشتگوێ خستووە، بۆیە گەندەڵی بووەتە دیاردەو رەنگی لە داهاتوودا تووشی قەیرانێکی کەلتووری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیمان بکات، کە چارەسەرکردنی زۆر ئەستەم بێت».

**دادپەروەری کۆمەڵایەتی**
**چەترێك بۆ هەموو تاکێك**

بەهار رەفیق فەتحوڵڵا بەرپرسی سەنتەری لانە بۆ پاراستن و گەشەپێدان، وەك توێژەرێك سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگەیەکە و بە هۆکاری بەردەوامبوونی ژیان دادەنرێت، گوتیشی: «دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئامانجێکی هەرە مەزن و گەورەیە کە لە ئاستی جیهاندا هەوڵی بۆ دەدەن، کاتێك بمانەوێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو هەر کۆمەڵگەیەك بچەسپێنین، دەبێت سەرەتا لە یاساکاندا جیاکاری چینایەتی و رەگەزییەکان نەهێڵین و دواتر بۆ جێبەجێکردنیان پەنا بۆ یاسامەندی و یاساسەروەری ببەین، هەروەها کاتێك دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەبێتە چەترێك بۆ هەموو تاکی کۆمەڵگە، پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵاتی حوکمڕانیش بەهێزتر دەبێت و پشکی گەورەی ئەو ئەرکەش بەر دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێت».

بەهار رەفیق رایوایە لەچاو وڵاتانی دەوروبەر لە هەرێمی کوردستان

«هەنگاوی گەورە» نراوە، نموونەشـــی بە دەرکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هێنایەوە و گوتیشـــی: «دادپەروەری تەنها خۆی لە بواری سیاسی نابینێتەوە، بەڵکو دەبێت باڵ بکێشـــێت بۆ ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە، لە هەرێمی کوردســـتانیش هەنگاومان نـــاوە لەم بوارەدا و هەوڵی پەرەسەندن و جێبەجێکردنیشی دەدرێت لە رێگەی سەروەری یاسا و چەسپاندنی سیستەمی پێشکەوتووی دیموکراتی و پشتبەستن بە بنەمای زانستی بۆ بنیاتنانی وڵاتەکەمان، بۆیە دەبێت وەك تاکی کۆمەڵگە لە ترس و تۆقاندن بەکارهێنانی توندوتیژی لە ژێر پاساوی نەریت و ئایین و مەزهەب دووربکەوینەوە هەوڵی مسۆگەرکردنی زۆرترین ئازادی بۆ تاك و سەربەخۆیی وڵات بدەین، وەك میللەت و حکومەتی کوردســـتانیش قۆناغەکانی بەدەوڵەتبوونمان بڕیـــوە و دوای دامەزرانی دەوڵەتیش دەتوانین زیاتر بایەخ بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بدەین».

کـــەژاڵ عەلـــی چالاکـــوان و هەڵســـووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، ســـەبارەت بـــە چەمکی دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی دەڵێـــت: «بێگومان کاتێك باس لـــە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەین، پێویســـتە ئەوە بزانین کە دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی لـــە کۆمەڵگەیەکدا دێتـــە بەرهەم و ســـەرکەوتوو دەبێت، کە کۆمەڵگەکـــە دیموکراتی بێـــت، کۆمەڵگـــەی دیموکراتیش پێویســـتی بە سەروەری یاســـا هەیە، هەتا لەکۆمەڵگەدا یاسا سەروەر نەبێت، ناتوانین بەو کۆمەڵگەیە بڵێین کۆمەڵگەیەکی دیموکراتـــی، ئەمە بێجگە لەوەی کە یەکێك لە ســـیفاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە بە دامەزراوەیی کرابێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەرك و ماف بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ پێویســـتە وەك یەك بێت، ئەوکاتە دەتوانیـــن بڵێین لەو کۆمەڵگەدا دادپـــەروەری کۆمەڵایەتی هەیە» .

نووســـەرو رۆژنامەنـــوس شـــیلان بیبانـــی، خاوەنی بڕوانامـــەی ماســـتەرە لە بەڕێوەبـــردن و کارگێڕی، سەبارەت بە پرسی ئەم راپۆرتەش ئەوەی بۆ گوڵان خستەڕوو کە «ئامانجی سەرەکی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بریتییە لـــە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هەموو تاکێکی کومەڵگە، بەو مانایەی بەبێ جیاوازی هەموو تاکی کۆمەڵگە مافی یەکســـانی لە سوودمەندبوون لە سەروەت و سامانی وڵاتەکەی هەبێت، واتە پەیڕەوکردنی یەکســـانی لە هەمـــوو بوارەکانی سیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رەخســـاندنی دەرفەتی یەکســـانە بۆ تاکی کۆمەڵگە، واتە دادپەروەری بە نەهیشـــتنی جیاوازییەکان لە قەڵەم دەدرێت و دەبێت هەموو مرۆڤیك وەك یەك مافەکانی پارێزراو بێت، ئیتر چ رەنگ و دین و رەگەزێکی هەبێت»، گوتیشـــی: «وڵاتە ئەســـکەندەناڤییەکان توانیویانە بە پشتبەستن بە حکومەت و رێســـا و یاســـاکانیان و هەروەها بە هاوکاریکردنی هاووڵاتیان باشـــترین دادپەروەری بونیات بنێن، دیارە لە وڵاتی ئێمە کە بەشێکین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەکی گەورەمان هەیە لەو رووەوە، بەڵگەش بۆ ئەم مەسەلەیە سەرهەڵدانی تیرۆریستانە بە بەردەوامی لەم دەڤەرە، چونکە بەپێی راپۆرتێکی نێودەوڵەتی هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی تیرۆریستان بریتییە لە نەبوونی دادپەروەری، هەر ئەوەش هۆکارە بۆ دروســـتبوونی هەژاری و رق و کینـــە لە نێوان تاکەکان، کەواتـــە زامنکردنی ژیانێکی تەندروســـت و پێداویستیەکانی ژیان و دەستکەوتنی هەلی کار و هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی کە ناتوانن کار بکەن، بە هۆی تەمەن، یان خراپیی تەندروســـتی و ...هتد، بەشێکی گەورەن لەو دادپەروەرییە، ئاشکرایە کە ئەگەر ئەو کارە لە هەر وڵاتیك بکرێت، ئەوا نەك تەنها باشکردنی ژیانی خەڵکی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو چاکترین فاکتەریشـــە بۆ گۆڕینی ئەو کۆمەڵگەیە لە بەکارهێنەر بۆ بەرهەمهێن، چونکە خۆشویســـتنی کارەکانیان لە کاتـــی نەبوونی جیـــاوازی، وا دەکات ئابووری وڵات زۆر بەرەوپێش بچێت، دیارە ئەم سیســـتەمە لە کوردستان پێویستی بە هەرەوەزێك هەیە و هەرکەس لەلای خۆیەوە دەبێت دادپەروەر بێت لە کار و مامەڵەکانی و پاشـــانیش حکومەت یەکســـانی تەواوەتی بخاتە ناو دامودەزگاکانی، یاســـا و دادپەروەری لە سەرووی بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بێت، لەوانەیە لە ســـەرەتادا ئەمانە هەندێك ئەستەم بێت، بەڵام دوارۆژ لە ئەنجامی هوشیاری تاك بەرەو ئەو دادپەروەرییە دەڕون».

کەژال عەلی:

**یەکێک لە سیفاتەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە بە دامەزراوەیی کرابێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەرک و ماف بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ پێویستە وەک یەک بێت، ئەوکات دەتوانین بڵێین لەو کۆمەڵگەدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە**

شیلان بیبانی:

**وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان توانیویانە بە پشتبەستن بە حکومەت و رێسا و یاساکانیان و هەروەها بە هاوکاریکردنی هاووڵاتیان باشترین دادپەروەری بونیات بنێن**

